www.kurdistannet.org
01/07/2002 20:55

# سەرنجێ لە گۆڕستانی عەشقم

کۆژان
b.shiruan@wanadoo.nl

*چڵ و چۆکەر مەدە دەورم، خودا حافیز نەسیحەت گەر*
*لە شکوەی عیشق و لۆمەی عەقڵ ئەمن هەم لاڵ و هەم کەڕ*

*(مەحوی)*

لە ئێوارانی ماتەمینتا
تەرمی ووشە زەردەکانت
لە گۆڕستانی عێشقما بنێژە
لە خولیا و تێ ڕامان
بەس ژەمێ پڕوزەی ئەم عیشقە سوتاوەم بچێژە
هەرجارێ دەم بنێ بە گڕی عیشقمەوە
داباری،
لە خوێنم تونێتی ڕێی دووریت بشکێنە
ڕەگڕەگی ئەم گیانە دێوانەم دەربێنە
بازێ بێت بۆ ئاواز
سروودێ بۆ مەرگی ئەم عیشقە
سەرشێتەم بخوێنە
بەس هەر بێ
گوڵ ئەڕوێ یا ئەمرێ
خەندە بێ فرمێسك بێ
ڕەحمەتی سەرنجە بۆ کوورەی ئەم عیشقە
بێ بەرگەم دەبارێ......
لە ئەستۆت تەمەنی خەزانم
گوێگرە لە ناڵە و سووتانی گریانم
تەڵقینی تەرمەکەی ئەم عیشقە سەرسپیە نازانم
بلووری کوڵلەی بوکێنیت
دادڕە و بیکەرە کفنی ژیانم . .
وەك سوارێ شمشێری سەرنجت ڕاکێشە

www.kurdistannet.org
01/07/2002 20:55

کێوەکەی نێوانمان دەبڕی
یا سەری ئەم عیشقە نامۆیەم
شکۆفەی پایزەی ئەم عیشقەم ئاو ئەدەی
یا مەلی تەریوی بێلانەم سەر ئەبڕی !!!
بۆ جارێ لێو تەڕکە لە خوێنی هۆنراوەم
گەر تۆوی عیشقێ تر لە گیانما ئەچێنێ
لەو کەسەی ئەتەوێ گوڵی بیت
دا خوازی کێلان و گڵ مەکە
ژیلەمۆی ئەم گیانەم فوو لێکە
تا مەرگی ئەوینم دوا ووشەی
ناو پشکۆی زامی سەخت ئەبینێ
گرەوت لە زۆریا بەرەوە
ئاهەنگی سەمایە
لە چاوی تەمەنی تیا چوونم
بەو دەستەو بەو پایە
خۆڵەمێشی ئەو گیانە سووتاوەم پێ شێلکە

١٢-٨-١٩٩١
کەلاری کۆن

www.kurdistannet.org